# با له رۆژی جیهانی ژناندا به شیعاری ( جیایی دین له دەولەت )
# شەقامی شارەکان بە دەستەوە بگرین!

8ی مارس رۆژی هاتنەمەیدان بەرووی ستەمو چەوسانەوە لە دژی ژنان، رۆژی نمایشی هێزی بەشەریەتی یەکسانیخوازە لە دژی ئاپارتایدیکی جنسی کە سەراسەری ئەم دنیایەی داگرتووە. ئەمسال لە 8ی مارسدا کۆمەلگای عیراقو گشت ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بە هەلومەرجیکی سەختو دژواردا تیپەر دەبیت. جەنگو ملیتاریزمی ئەمریکا ئەم ناوچەیەی گۆریوە بە مەیدانیکی سەرەکی کیشمەکیشی نیوان دوو قوتبی تیرۆریستی جیهانی. ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە کە دوژمنایەتیەکی کویرانەی لەگەل سەرجەم مافو پیوانە ئینسانیەکان هەیە، گەورەترین کەلکی لەم هەلومەرجە وەرگرتوەو مەیدانیکی فراوانی بۆ پەلاماردانی هەموو جۆرە ئازادیو ئینسانیەتو سیمایەکی مەدەنی پەیداکردوە. لەم نیوەشدا ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەم مەیدان پەیداکردنەی ئیسلامی سیاسین.

ئەم بزووتنەوەیە بە کەلك وەرگرتن لەم دەرفەتەی بۆی رەخساوە دەیەوێ کۆمەلگای عیراق ئیسلامیزەو نقومی تاریکیو کۆلایەتی بکات. باجی ئەم بەربەریەتەش لە هەموان زیاتر دەکەویتە ئەستۆی ژنان. دوای 35 سال لە حاکمیەتی یاسا قەرەقوشیە بەعسیەکانی پشتبەستوو بە ئەحکامو شەرعیەتی ئیسلامی، دوای 35 سال لە ئاپارتایدی جنسیو کوشتارو سەربرینو تراژیدیای ناموسپەرستیو ئەخلاقیاتی دواکەوتوانە، کە رژیمی بەعس بە پیادەکردنی قانونو شەرعیەتی ئیسلامی بەریوەی دەبرد، ئیسلامی سیاسی بە پەیامی توندکرنەوەی ئەم بەربەریەتەوە لە دژی ژنان هاتوەتە مەیدانو بانگیشە بۆ ئایندەیەکی تاریكو کارەساتبارتر دەکات.

دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا کە گەورەترین جەنگو ملیتاریزمی لە دژی بەشەریەتی متمدنی دنیا، لە ژیرناوی جەنگ دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بەریخستووە، لە عیراقدا بە کردەوە بوو بە چەتریك بۆ نەشونما کردنی ئەم دەستەو تاقمە کۆنەپەرستانەیە. ئیسلامی سیاسی لە سایەی داگیرکاری ئەمریکاو پشتیوانی راستەوخۆی جمهوری ئیسلامی ئیراندا خەریکە کۆمەلگای عیراقو ناوچەکە نقومی کارەساتی ئینسانی دەکات. ئەم رەوتانە چ ئەو دەورانەی کە راستەوخۆ دەسکەلای ئەمریکابوونو چ ئیستا کە لەسەر هەردوو پەتی رەقابەتو دەست تیکەلکردن لەگەلیدا یاریو سەرمایەگوزرای دەکەن، خاوەنی کۆنەپەرستانەترینو دژی ئینسانی ترین بەدیلن بۆ کۆمەلگا. بە دیاریکراویش بۆ ژنان جگە لە کۆیلایەتی و ئیغتصابو جۆرەها شیوەی لەشفرۆشی هیچی دیکە لە جعبەکەیاندا نیە.

ئەم هەلومەرجە کۆمەلگای عیراق لەبەردەم خەرتەریکی گەورەدا راگرتوە. گالتەجاری هەلبژاردن کە لە بنەرەتەوە پرۆژەیەك بوو بۆ بەرەوپیشبردنی مەرامە چەپەلەکانی ئەمریکا، هەر بەوجۆرەی پیشبینی دەکرا، مەیدانیکی داوە بە رەوتو تاقمو ئاخوندەکانی ئیسلامی سیاسی کە زیاتر پێی لی دریژ بکەن، هەرەشەی داسەپاندنی حوکمو دەستورو قانونی ئیسلامی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دەکەن. دەیانەوێ دوای 35 سال لە بەربەریەتی بەعسیو دوو سال لە کارەساتو تراژیدیای سیناریۆی رەش، ئەلگۆی جمهوری کۆنەپەرستو خوینریژی ئیسلامی ئیران لە عیراقدا بهیننە سەرکار.

رەوتو هیزە ناسیونالیستیە کوردو عەرەبەکانیش بە کردەوە نیشانیانداوە کە ئامادەن لەگەل بەربەیەتی ئیسلامی سیاسیدا ئاویزان بن لە پیناو مسۆگەر کردنی بەشی خۆیان لە دەسەلاتدا. ئەم هیزە ناسیونالیستانە کە هەرکات بەرژەوەندیان بخوازێ ئیدعای علمانیەت دەکەن، بە هەموو توانایانەوە چونە پشتی سیناریۆێی هەلبژاردنیك کە هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو دەبیتە "بەلی ووتن" بۆ ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا، تەنها بە نرخی ئەوەی گۆشەیەکی دەسەلات بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەمرۆ سەرجەم ئەم هیزانە بە هەموو ناکۆکیەکی نیوان خۆیانەوە، خەریکی چنینیی نەخشەو پیلانیکی کۆنەپەرستانەو کارەساتبارن بۆ لە زەلکاو نقوم کردنی ئەم کۆمەلگایە. داسەپاندنی حوکمو شەرعەتی ئیسلامی لایەنی سەرەکی ئەم پیلانەیە. ئەمە مەترسیەکی گەورەیە لەسەر کۆمەلگاو هەموو کریکارانو ژنانو لاوانو خەلکی ئازادیخواز، سەرجەم بەرەی چەپو ئازادیو سکولاریزمی کۆمەلگا دەخاتە بەردەم مەسئولیەتیکی گەورەی میژوویی، بۆ هاتنەمەیدان لە دژی ئەم ئایندە تاریکەی دەیانەوێ کۆمەلگای پی بکەن بە شەوەزەنگ. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو حەرەکەتی 8ی مارسی ئەمسال دەبێ لە هەناوی خەبات بۆ هەلگرتنی ئەم هەرەشە خەتەرناکە لەسەر کۆمەلگای عیراق جیگای خۆی پەیدا بکات.

لە نیو گشت ئەو فاکتەرانەی کە کۆتی ئەسارەتو بێ مافی لە دەستو پێی ژنان توند دەکەنەوە، تیکەل کردنی دین لەگەل دەولەتو پەروەردەو فیرکردن، روکنیکی سەرەکیە. لە هەر جیگایەکی دنیادا دەستورو یاساکانی دەولەت پشتی بەدین بەستبیت، بە تایبەتیش دینی ئیسلام، ئیتر ئەو کۆمەلگایە گۆراوە بە جەهەنمکی واقعی لە دژی ژنان. خودی کۆمەلگای عیراقو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، تەجروبەیەکی دورودریژو تالو کارەساتباریان لەم بارەیەوە هەیە. بۆیە لە 8ی مارسی ئەمسالداو بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئیستاو هەرەشەکان ئیسلامی سیاسی، (جیایی دین لە دەولەت) شیعارو خواستیکی سەرەکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو بەرەی ئازادیو سکولاریزم پیکدەهینیت. با رۆژی 8ی مارس لە دەوری ئەم شیعارە شەقامی شارەکان بەدەستەوە بگرینو بۆ سەپاندنی ئەم خواستەو باقی خواستو مافەکانی ژنان بە هیزی پانو بەرینەوە بینەمەیدان.

**بژی 8ی مارس**

**بژی یەکسانی هەمەلایەنی مافی ژنانو پیاوان**

**ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ ناوەراستی شوباتی 2005**